سەروتار

# نیعمەتی ئاسایش و ئاسودەیی
# نعمة الأمن والاطمئنان

أ-سودەکانی ب- هۆکارەکانی دابینکردنی ج- هۆکاری بەردەوام بوونی

سەرنووسەر

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمـد لله رب العـالمين والصلاة والسـلام علـى نبينـا محمـد وعلـى آلـه وصـحبه أجمعـين ومـن تـبعهم باحسـان الى يـوم الدين، أما بعد:**

## أ-سودەکانی

لە ژیاندا مرۆڤ پیویستی بەدوو شـتیگرنگ هەیە بۆ ئـەوەی بـە ئاسـودەیی و ئـارامی ژیان بەسەر بەرێت ،یـەکێك لـەم دووشـتە بۆ لاشەکەیەتی کە بریتیـیە لـە خـواردن، چونکە مرۆڤ بەبێ خۆراك دەمرێت و ژیانی نامێنێت.

وە دووەم شـتیش بریتیـیە لـە نیعمـەتی ئـەمن و ئاسـایش و ئـارامی و ئاسـودەیی، چونکە مرۆڤ هەرچـەندە خۆراکیباشیشـی هەبێت بـەلاَم کەلـە ژیـانێکی پڕمەترسـیدا بـوو ئـەوە ئیسـراحەت ناکـات و ئاسـودە نابێت و سوود لە خۆراکەکەیشی نابینێت و ژیانی بەرەو هەڵدێر و نەمان دەچێت .

وە ئەم دوو پێداویستیـیە هی گشت کەسێکە تاك بن یان کۆمەڵ، وە پێویستە هەموو لایەك هەوڵی دابین کردنی ئـەم دوو شتە بـدەن چ لەسـەر ئاسـتی تـاك یـاخود دەوڵەت .

وە پێویستە هەمووﻻ هاوکاری یەکتری بکەن بۆ دابینکردنیان بە شێوەیەکی ڕێك وپێك و ڕەوا .

وه پێویسته هەموو لایەك بەرپەرچی ئەو شالاوانە بدەنەوە کە ئەمن و ئاسایش تێك دەدەن و فیتنە وئاژاوە وئاشوب دروست دەکەن .

چونکە ئاسایش وئاسودەیی وخێروخۆشی هەمووچاکەکارێکی تێدایە وخراپەکارانیش دەیانەوێت لە ئاوی لێڵدا ڕاو بکەن .

بەڵام پێویستە بە وردی بیربکەینەوە و وردبینەوە و بزانین ئایا هۆکارە سەرەکی یەکانی دەست کەوتنی ئەمن و ئاسایش و ئاسودەیی چین بۆ ئەوەی دەستەبەریان بکەین، وە ئەو هۆکارانەیش کە ئاسایش ناهێڵن چین تا خۆیان لێ بەدوور بگرین .

## ب- هۆکارەکانی دابینکردنی

### 1- ئیمانیکی ڕاست و تەواو بەخوای پەروەردگار و نێردراوەکەی و کردنی کردەوەی چاك بە گوێرەی قورئان و سوننەت :

بێگومان ئەم مرۆڤ وبونەوەرە پەروەردگارێکی هەیە کە یاسا و دەستورێکی بۆ داناوەو بە هێز و توانا و بە دەسەڵاتە لەسەر هەموو شتێك و خۆشی و ناخۆشی و مردن و ژیانی ئێمەی بەدەستە .

جا هەرکەسێك بیناسێت و باوەڕی پێ بێت و لە ڕێبازەکەی لانەدات و سپڵە نەبێت بەرامبەری، ئەوە خۆشحاڵ دەبێت، وەك پەروەردگار خۆی فەرموویەتی : ﴿ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا﴾[1] .

واتە / خوای گەورە وەعدە وپەیمانی داوە بەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاك دەکەن بەوەی کە:

* بیانکاتە جێنیشینی سەر زەوی (واتە دەسەڵات دار دەبن)، هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئەمانی دەسەڵات دارو جێنیشین کردووە.

* وەئەو دینەیشیان بۆ جێگیرو دامەزراو دەکات کە کاری پێ بکەن و حوکمی پێ بکەن کە خۆی ڕازی بووە لێی بۆیان .

* وەترس ونائاسایشیان بۆدەگۆڕێتەوە بە ئەمن و ئاسایش وئاسودەیی و ئارامی.

(1) – ( النور /55) .

**بــەڵام بەمــەرجێك كەبــەتاك وتــەنها خوای گەورە بپەرستن وهیچ هاوبەشێكی بۆ دانەنێن.**

كەواتە یەكێك لە بەرهەمـە گرنگـەكانی ئیمان و كردەوەی چاك بریتی‌یە لـە ئـەمن وئاسودەیی وهێمنی و ئاسایش .

وە لـــە ئایـــەتێكی تـــردا پـــەروەردگار فەرموویـەتی:﴿ فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾(2) .

واتـــە / هەركەســـێك شـــوێن ڕێنمـــایی و بەرنامەی خـوا بكـەوێت ئـەوا نەترسـی لـە ســـەرە بـــۆ داهـــاتووی وە نەغـــەم و خەفەتیش دەخوات لە ڕابردووی .

**2- هاوبەش دانەنان بۆ خوای گـەورە لـە پەرستنی‌دا :**

وەكو خوای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿ فَــأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالْأَمْنِ إِنْ كُنْــتُمْ تَعْلَمُــونَ، الَّذِينَ آَمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُــوا إِيمَــانَهُمْ بِظُلْــمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾(3) .

واتە / كام لە دوو گروپەكـە شایسـتە تـرە بـــە ئـــەمن و ئاســـایش .... گروپـــی ئیمانداران یان بێ باوەران ؟ !

بێ گومان ئەوانەی باوەڕیان بە تەنهایەتی خوا هەیە و هاوەڵ و شەریكی بـۆ دانـانێن ئەوانە ئەمن و ئاسایشیان بۆهەیە و ئەوان ڕێنمایی كراون .

**3- بڵاوبوونەوە وسەقامگیربوونی ئیسلام لەناو خەڵكیدا :**

وەكو لەم فەرموودەیەدا پێغەمبـەری خـوا (صلى الله علیەوسلم) فەرموویەتی:

﴿والله لَيُتِمَّنَّ اللهُ هذا الدينَ – او هذا الامرَ – حَتَّى يَسِيرَ الرَّاكِـــبُ مِـــنْ صَـــنْعَاءَ الى حَضْرَمَوْتَ لايَخافُ الا اللهَ أوالذِّئْبَ علـــى غَنَمِه،وَلكِنَّكُمْ تَسْتَعْجِلُون﴾(4)

واتــە / خــوای گــەورە ئــەم دینــە تــەواو دەكات ( دینی ئیسـلام) تـەواو سـەقامگیر دەبێت تاوای لێ دێت ڕێبـوار لـە سـەنعاوە دەڕوات بـۆ حَضْـرَمَوْتَ لـەم هـەموو ڕێگـا دوورە ترسـی هیچی نابێـت تـەنها ترسـی خوانەبێت، وەهەروەها مەگەر مەترسی گـورگی ببێـت لەمەڕەكـەی بـەڵام ئێـوە پەلەدەكەن .

(2) – (البقرة / 38).

(3) – (الأنعام /81-82) .

(4) –(رواه البخاري في صحيحه)،(3612 و3852 و6943) .

کەواتە ئەمن و ئاسایشی تەواو بەندە بە دینداریێتی تەواو و سەقامگیر بوونی تەواوی ئاینی ئیسلام .

وەتاوەکو ئیسلام بەڕاستی وتەواویێتی بڵاوببێتەوە ئەوە ئەمن و ئاسایش زیاتر بڵاودەبێتەوە، وەتاوەکو ئیسلامەتی لاواز بێت لەناو کۆمەڵگادا ئەوا ڕێگری و کوشتار ودزی وفیتنە و ئاژاوە و ئاشوب بڵاودەبێتەوە و ئاسایش نامێنێت .

### ج- هۆکاری بەردەوام بوونی

بەڵام نیعمەتی ئەمن و ئاسایش بەوە زیاد دەکرێت و پارێزگاری لێ دەکرێت کە سوپاسی خوا بکەین و پەرستنی بۆ بکەین، وە بەکوفر و دووری لەخوا لەدەست دەچێت .

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآَمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ﴾(5) .

واتە / قورەیش لەسەردەمی نەفامیياندا بۆ بازرگانی لەزستاندا دەردەچون بۆ یەمەن ولە هاویندا بۆ شام ، وە لەو کاتەدا عەرەب دەیاندا بەسەر یەکتردا ومالی یەکتریان بەتاڵان دەبرد ویەکتریان دەکرد بە کۆیلە،بەڵام ئەم شتانەیان لەگەڵ قورەیشدا نەدەکرد لەبەر ڕێزو پلەو پایەی کەعبەی ماڵی خوا، خوای گەورەیش پێیان دەفەرمێت با پەروەردگاری ئەو کەعبەیە بپەرستن کە بەهۆیەوە پارێزراو بوونە لەدەست درێژی خەڵکانی تر، ئەو پەروەردگارەی کە بەهۆی ئەم دوو کاروانەوە تێریانی کردووە لەبرسێتی‌یەکی سەخت، **وەئەمینیانی کردووە ولەهێمنی وئاسایشدا دەژین وترسی خۆیان وماڵ وسامانیان نی‌یە بەهۆی کەعبەوە ، لەکاتێکدا کەخەڵکانی تر لەترس ودڵەڕاوکێ ونائارامی‌دا دەژین** ، هەروەکو چۆن پێشتریش ئەمینیانی کرد لەترسی حەبەشەو فیلەکانیان.

کەواتە پێویستە لە سوپاسی ئەو دوو نیعمەتە گەورەیە بەندایەتی و پەرستنی پاك و تەنها بکەن بۆ پەروەردگاری خاوەن دوو نیعمەتەکە .

بەڵام بە پێچەوانەوە نیعمەتێك کە لە ئاراشدا بێت ومەوجودیش بێت

(5) – (قريش /1-4) .

لەدەستمان دەچێت ئەگەر سوپاسی خوای گەورەی لەسەر نەکەین، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِنْ كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ﴾(6) .

واتە / خوای گەورە نمونەی دێیەك (مەككە) بۆ خەڵكی مەككە دەهێنێتەوە كە لە ئارامی هێمنی وئاسایشدا دەژیان، وەخوای گەورە ڕۆزی فراوانی دەڕژاند بەسەریاندا لە هەموو شوێنێكەوە،بەلأم كاتێك كوفریان كرد بەبەخششەكانی خوای گەورەو سوپاسگوزاریان نەكرد،خوای گەورە توشی برسێتی وترسێكی زۆری كردن بەهۆی كردەوەی خراپی خۆیان.

كەواتە سوپاس گوزاری بۆ خواو پابەند بوون بە شەرعەكەی نیعمەتی ئەمن و ئاسایش و خۆشگوزەرانیمان بۆ دابین دەكات، وە بۆمان پارێزگاری لێ دەكات، بەلأم سپڵە بوون بەرامبەر خوا نیعمەتەكانمان لەدەست دەدات و وەزعمان تێك دەدات(7) .

وە بەزەبری هێزیش ئاسودەیی و ئاسایش بەرپا نابێت كە پیادەكردنی ئیسلامی لەگەڵ نەبێت .

هەڵبەتە مەبەستیش لە ئیسلام ئەو ئیسلامەیە كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وهاوەڵانی لەسەری بوون، نەك ئیسلامی توندڕەوێتی و حیزبایەتی و ڕەشەكوژی .

یا ئیسلامی خورافێتی و شەخس پەرستی و لاسایی كردنەوەی كوێرانە .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .**

(6) – (النحل /112) .

(7) – سوپاس گوزاری نیعمەتی وون بوودەهێنێتەوەبوون و دەستەبەری دەكات،وەپارێزگاری لەنیعمەتە بوونەكان دەكات،وەكوفركردن وناسوپاسی بێبەشت دەكات لە نیعمەتی وون بوو،وەنیعمەتە بوونەكانیشت لەدەست دەدات .